لە ساڵیادی تیرۆرکردنی نیاز دەرگەیی بنەماڵەکەی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردووە

لە ساڵیادی کوژرانی نیاز دەرگەیی ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی، ئەمە یەکشەممە بنەماڵەکەی بەیاننامەکیان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند، ئەمە بە درێژایی یەک ساڵی ڕابردوو هەوڵی ئێجگار زۆرماندا تا دەسەڵاتی ئەمنی ڕازی بکەین کە ڕاست و دروستی ڕووداوەکە بە ڕای گشتی ئاشکرابکەن و چیتر ئەو کەیسە بە شاراوەیی نەمێنێتەوە و ئەمەش وەک بنەماڵە، بەرچاوڕوون بین و بتوانین هەنگاوەک هەڵێنین، بەڵام لەو هەوڵدا سەرکەوتوو نەبووین و بەداخەوە کە دەسەڵاتی ئەمنی و سیاسی ئێم ناوچەیە بە بیانووی جیا جیا کەیسەکەیان شاردەوە و بە هیچ شێوەیەک هیچ جۆرە زانیارییەکیان لەی بڵاونەکردەوە.

دەشێن: هەر بە ئەو مەبەستە لەگەڵ بەرپرسەکی باڵا کەبووینەوە، تەنها داواکاریمان ئەوە بوو کە ئەو کەیسە دیزەبەدەرخەنە نەکرێت و بڵاوبکرێتەوە، بەرپرسەکە ڕاشکاوانە وتی (ئەمە وەکو لایەنی تر نین کە ئەوەی ڕووبدات بیخەینە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و سۆشیال میدیا، ئەو کەیسە سیاسییە و ئەوە بە ئەمەی جەبڵن و دەنیاتان دەکەینەوە کەیسەکە دەیگەیەنینە ئەو شوێنەی کە ئەوش ئاسودە بکات، ئەمە کارێک ناکەین بەهەی بڵاوکردنەوەی کەیسەکی لەوجۆرە شێی ناوخە هەڵگیرسێنینەوە).